www.kurdistannet.org
29/01/2002 22:23

# سارد، بەلاّم گـــەرم. . !!

## /// 2 /// دوعای خاچ

شێرزاد هەیـــــــنی ـــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

چەند لە دایكو باوكم پارامەوە، حەزم دەكرد، بەتەنیا نەبوم دەستە خوشك و ناسیارم هەبون، ئەوانیش دەهاتن، تامەزرۆبوم. بەلاّم ئەوان گفتیان نەداو بواریان نەدام. بەخۆشم گچكەبوم، زۆر نەمدەفامی. ئەوان راستبون، یان بۆم رێكنەكەوت.

+ كیژم تەمەنم گەیشتە ئەو تەمەنە، نەمزانیوە ئەوەی چوبێت، گەرابیتەوە، ولاتەكە گەورەیە، تەونی سیحری جالجالۆكەیە، لە ناوییدا بزر دەبیت و ناگەریتەوە. ولاتەكە دوورە.

+ دایە، ئەوە بوارت نەدام ناوم لە لیستی رۆیشتنم بۆ ئەمریكا بنوسم و چاوەریّ بەخت و نۆرەی خۆم بكەم. ئەوەم بە گوێكردی، وا ئەمجارە بۆ ولاتێكی بەرامبەرمان هەیە. بە پاپۆرو بە شەوو رۆژێك لە پایتەخە جوانەكەیان دادەبەزین و بەیانیەكەی دەگەینە هەوارەكەو. .

( بەم دەمەتەقیە كورت و درێژانە، سەفەری لینا دەستی پێكردو ورد ورد بۆی گێرامەوە. ریپۆرتاژو دیداری رۆژنامەگەری لەگەلّ ناسكی وا خۆشە. راستت پیّ دەلێت. نەرم ونیان دەدوێت. جوان و جوانتر خۆی دەنوێنێت. بە شانازی و بە زەوقەوە قسان دەكات. لەبەر كێشەی زمانەكەمان كاتی زۆرتری دەویست، تا چاك و باش حالیم بكات. فیلم لێكردبوو، پێم وتبوو، ئەگەر كات و تاقەتت هەبیّ و حەز بكەیت، باسی ولات و نیشتیمان و خاك و پارە و زمان و. . بۆ بكە. من لەناو قسەكانا پرسی مەبەستم لێدەكرد، ئەوەی ویستم هەندێكم وەرگرت).

كە لە ولاتەكەم پرسی، بە نازەوە وتی:

+ ولاتەكەمان، ناوی *لیتاونە*. پایتەختی *پیلنۆسە*. یەك دۆلاری ئەمریكی چوار *لیتاسی* لیتاونیە.

كە لێم پرسی لە ناو چوارچیوەی یەكیتی سۆپیەتا رەوشتان چۆن بوو. هێشتا رستەكەم تەواو نەكردبوو هاتە ولاّم، زۆر دلّپر بوو. بەپەلە بوو بۆ ولاّمەكەی ئەگەرچی تەمەنی لە تەمەنی گولێكی ناسكبوو، بەلاّم زۆری دەزانی، ئەگەرچی جوان و نازدار بوو، بە رقەوە وەلاّمی دەدایەوە.

+كەس ماوە خۆزگە بەو رژێمەی جاران بخوازێت. . ؟؟

+ بەدەگمەن. . !!

ویستم لەو ئاقارەی دووربخەمەوە، بەراستی هەر سیاسەت و گلەیی و نارەزایی تامی نەماوە. حەز دەکەم بزانم کۆچ و سەفەر چۆنە، هەوار بۆ دەگۆریت. بۆخچەو جانتای شادی و ئیسراحەت، بزانم چۆن دەپێچرێتەوە. . . !!

شارەکەمان ببووە دەستەخوشکی ئەم شارە، مۆری هاوکاری و سەردان و میوانداریان بۆ گەنجان، هاوشان لەگەڵ ئەو بەرنامانەی کە من ئیشم پێیان نییە، کردبوو. پار ناوم بە داوەتێکی یەك ساڵی، داوەتی فێربونی زمان و کەلتوورو دۆستایەتی هاتەوە، هەموو رەزامەندییەکانی ناو خێزان و سەفارەت و بریاری ناخی خۆم تەواوببوون، بۆیە سواربوم. ئێمە پێنچ کیژی تەمەن نزیك بیست ساڵان هاتین. لە دڵی خۆما وتم:

کیژی ناسك و جوانیان هەندە کەمە هەر ئێوەی دەویست. . !! سەیرە ئەم ولاتە وا دەزانی یەك ملیون سەربازی لە بەرەکانی شەرە. . !! وەك ولاتەکەی خۆمان، ئەوە بیست، سی ساڵە شانازی بە بونی یەك ملیون چەکدار دەکات. یان وا دەزانی پیاوانیان لە کانزاکاناو لە بن زەوی کاردەکەن، کۆمەلەکە زۆرییینەی مێینەیە، ئێوەی هاتەسەر. جوانی زۆرە، بەلاّم چاوی ئەو لەناو دوو شوشەی چاویلکەی خوێندنا، لە دوو ماسی رەنگینی ژیر ئاوی گۆمی مەند و بێگەردەکانی ئێرە دەکات. جوانی زۆرە بەلاّم، نازی ئەو بواری نەدا بە تەواوبونی مۆلەتی داوەتەکەی خوێندنی بروات و نەگەرێتەوە. وەرزی خوێندنی تەواوبوو، هاوینەکەی دلگەرم بە بیانۆی فێربونی باشی زمان گەرایەوە. بەلاّم دڵی نەگەرایەوە، چاوی نەگەرایەوە، پەنجەی بێ ئەنگوستیلەی هەلّبژاردن و خۆشەویستی نەگەرایەوە.

هەموو خێزانێك، بنەماڵەیەك، وەك نەریت و کەلتوورو خوداپەرستی، لە دەڤەرێکی قەشەنگ و بەرچاوی نزیك ماڵەکانیان. خاچ بۆ دوعاو پارانەوەو مراز، دەچەقێنن. خاچەکان لە تەنیشت یەك، گەورەو بچوك، کۆن و تازە، سەربەرزو کۆك، بە خزمەت راگیراون. پیرۆزن، کەس دەستکارییان ناکەن، وەك بلّێت، خاچی گەورەو باپیرە هەیەو لە تەنیشت ئەوەوە، کە بە تەمەنەو زۆر پاراوەتەوەو زۆری لە لا تۆمارە. لە تەنیشت ئەوەوە چەندی تری وردو گچکەو بە قوماشی رەنگین لوولدراو، دانراون. ساڵ بە ساڵ، لەگەڵ هەر سەردان و دوعاو مرازێك خاچێکی کۆرپە رادەگیرێت و زیادەکات.

وێنەیەکی چاپکراوی چەژنانەی خاچستانێکی خۆیانی دەرهێنا، لە پشتیی بە زمانی لیتاونی پێناسەی خاچە پیرۆزەکان کراوە، نیشانی دام و وتی:

کە هاتم دایکم لەسەر ئەو خاچەستانە دێرینەی بنەمالەکەمان، کە پشتاو پشت بۆمان بەجێماوە، دوعای سەفەری خێری بۆ کردم. ترسم نییە. لەو خاچانە پشتیوانیم بۆ دێت، ئەم خاچانە سەنگەرو نەوامەو دەمپارێزێت لە دەرد و گوناح و. .